# تەیمور عەبدوڵڵا دەربارەی ئەنفالکردنی گوندی "کوڵەجۆ" دەڵێ:

پۆلا سەعید

لە ئابی ساڵی 1988 دا گوندی کوڵەجۆ لەلایەن جاشەکانەوە ئەنفالکراوە. تەیمور عەبدوڵڵا ئەوددەمە تەمەنی هەرتەنها نۆ بەهارێک بووە. لەگەڵ دایک و باوکی و سێ خوشکی و هەموو دانیشتوانی گوندی کوڵەجۆ دا لەلایەن جاشەکانەوە بەدیل گیران و گوێزرانەوە بۆ قەڵای سەربازیی "قۆرەتوو". تەیمور عەبدوڵڵا تاکە کەسێکە کە ئەزموونە ڕەشەکەی ئەنفالی بە چاوی خۆی بینیوە و نەبەردانە بەرەرووی ڕاوەستاوە و هەتا ئێستاش بە زیندوویی کارەساتەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە.

تەیمور عەبدوڵڵا دەگێڕێتەوە و دەڵێ:
جاشەکان هاتنە گوندەکەمانەوە و لە ماوەیەکی کورت دا هەموو خەڵکەکەیان خزاندە نێو "30" هەتا "40" لۆریی ئیڤاوە. جاشەکان پێیانڕاگەیاندین کە دەمانبەن بۆ قەزای "کەلار" و لەوێ دەمانکەن بە جاش. بەڵام جاشەکان درۆیان لەگەڵ کردین چونکە لەبری ئەوەی بمانبەن بۆ کەلار بردیانین بۆ قەڵای سەربازیی "قۆرەتوو" لەوێ ماوەی "10" ڕۆژ هێشتینیانەوە و پاشانیش بە سەربازەکانی سووپا گوێزرانینەوە بۆ بەندیخانەی "تۆپزاوە"ی کەرکوک. دواتر پیرەژنەکانیان بۆ کەلار گێڕایەوە و پیاوانیان لە ژن و منداڵ جیاکردەوە. نزیکەی "30" ڕۆژ لەوێ ماینەوە ئینجا بۆ ئەو جێگایەیان بردین کە تیایدا گوللەباران کراین، ئەویش لەسەر سنوری سعودی عەرەبیی بوو. لەماوەی ئەو "2" هەتا "30" ڕۆژەدا تەنیا یەکجار باوکمم بینی، ئەویش لە دوورەوە، کاتێک لە کوونی دەرگای بەنگەڵەکەی خۆمانەوە دەمڕوانییە دەرەوە. بینیم باوکم لەگەڵ پیاوەکانی تردا ڕووتیانکردوونەتەوە و هەر جلی ژێرەوەیان لەبەردا ماوە، دەستی هەموویانیان بە یەکترەوە بەستبۆوە و سواری لۆرییان دەکردن، ئیتر لەوکاتەوە چاوم بە باوکم نەکەوتۆتەوە. پاش ئەوان بە چەند ڕۆژێک ئێمەشیان بە لۆریی سەرداخراو کە دەرگای تێدا بوو بۆ سەرسنوری سعودی عەرەبیی گوێزایەوە. سەفەرەکەمان لە کاتژمێر "6"ی بەیانییەوە هەتا شەوی خایاند. لەو ماوەیەدا نە نانیان داینێ نە ئاو. ناولۆرییەکان زۆر گەرم بوون نازانم ڕێکەوت چەند و چ مانگێ بوو، بەڵام پێموابێت ڕەمەزان بوو، بۆیە "30" کچی منداڵ لەناو لۆرییەکاندا لەگەڵماندا خنکان.
پێش ئەوەی بگەینە شوێنی گوللەبارانکردنەکەمان، لە لۆرییەکان هێنایانینە خوارەوە و کەمێک ئاویان داینێ و ئینجا چاویان بەستینەوە و دیسانەوە سواری لۆرییەکانیان کردینەوە. دوای ماوەیەک لۆرییەکانمان ڕاوەستا و لەوماوەیەدا من نەختێک پەرۆکەی سەرچاوم لادابوو، کە دەرگای لۆرییەکەمان کرایەوە یەکسەر چاڵەکانم بینیی، لەو چاڵانە دەچوو کە بە "بلدۆزەر" بۆ دەبابەی هەڵدەکەنن. سواربووانی هەر لۆرییەکیان خستە نێو چاڵێکەوە، هەرچەندە سەربازێکی

زۆر دەوریاندابووین بەڵام هەر دوو سەربازیان لەمبەر و ئەوبەری چاڵەکان دانابوو بۆ دەستریژکردنی گولله. کاتێک سەربازەکان دەستیانکرد بە تەقەکردن لێمان، کەسەکانی ناو چاڵەکان هیچ جۆرە کاردانەوەیەکیان نەبوو، نە هاوارێک نە نە گریانێک نە هیچ جۆرە نارەزاییییەکیان نیشان نەدا. خەڵکەکان ئەوەندە ماندوو شەکەت بوون کە هەر دەیانویست بمرن و رزگاریان بێت لەم ئازار چەشتنە. گوللەباران دەستی پێکرد و من گوللەیەک بەر شانم کەوت ئیتر نازانم چۆن بوو بە لا نزمەکەی چاڵەکەدا بە راکردن هاتمە دەرەوە و بەرەو ئەو سەربازەی کە تەقەکانی لێماندەکرد چووم. هەرچۆنێک بوو توانیم بیگەمێ و دەستی بگرم، سەربازەکانی تر هاواریان لێ دەکرد و ئەفسەرەکەیان فەرمانیدا کە بمخاتەوە ناوچاڵەکە. ئەوکاتەی سەیری چاوی ئەو سەربازەم دەکرد، وام هەستدەکرد کە هێندەی نەماوە دەستبکات بە گریان، بەڵام لەسەر فەرمانی ئەفسەرەکە فرێیدامەوە ناوچاڵەکە و دەستیکردەوە بە گوللەبارانکردنمان. من گوللەیەکی تریش بەرپشتم کەوت ئیتر پاش ماوەیەک تەقەکردن راوەستا و سەربازەکان لە چاڵەکان دوورکەوتنەوە. کاتێک ئەوان لەولاوە راوەستا بوون و چاوەروانی شۆفل و بلدۆزەرەکانیان دەکرد کە چاڵەکانیان بۆ پربکاتەوە، گوێم لێیان بوو کە لەناوخۆیاندا قسەیان دەکرد. من لە چاڵەکە بە گاگۆرکێ هاتمە دەرەوە، لەوکاتەدا بینیم شتێک دەجوڵێتەوە کە روانیم کچێکی منداڵی بریندارە، داوام لێکرد کە هەڵبستێ و لەگەڵمدا بێت، بەڵام پێی گووتم کە لە سەربازەکان دەترسێت و نایەت، ئیتر من کچەکەم جێهێشت. پێش ئەوەی چاڵەکە بەجێبهێڵم ئاورێکم لە چاڵەکە دایەوە، لەناو خەڵکەکەدا " سارای دایکم و گێلاس و لەیلا و سرەوی خوشکم و پوورە حەپسەم کە منداڵی نەبوو لەگەڵ پوورە مەعسوومم کە هەشت منداڵی هەبوو" بەدیمکردن. بەدزیی سەربازەکانەوە خۆم هەڵدایە ناوچاڵێکی ترەوە کە بەتاڵ بوو دیاربوو بۆ خەڵکانی تر ئامادە کرابوو. لە چاڵەکەدا پارچە ئاسنێکم دۆزییەوە و بەو پارچە ئاسنە چاڵێکم بۆ خۆم هەڵکەند و خۆم تێدا داپۆشیی. من بەئاگا بووم کە شۆفڵەکان چاڵەکانیان پردەکردەوە و گوێم لە دەنگی لۆرییەکان بوو کە بەوناوەدا دەهاتن و دەچوون.

پاشان تەیمور یان لە هۆش خۆی دەچێت یان خەوی لێدەکەوێت، کە بەئاگا دێتەوە دڵنیا دەبێت لەوەی کە کەس لەوناوەدا نەماوە، لە چاڵەکەی دێتە دەرەوە و مل لە بیابان دەنێت و دوای ماوەیەک دێتە بەرانبەر دوو رێگا یەکێکیان کۆنە و ئەوی تریان نوێیە، رێگا نوێکە دەگرێتەبەر و پاش نزیکەی دوو کاتژمێر رۆیشتن بە تارییکیی دا تەیمور بەدەم ورێنەکردنەوە لە دواوە پەلاماری دەدەن. تەماشا دەکات کابرایەک بە لایتێکی دەستییەوە لێی راپەریوە، پاشان دەردەکەوێت کە ئەم کابرایە عەرەبێکی "بەدو"ە، کە لەگەڵ دایک و خوشک و ژنەکەیدا لەو خێوەتەدا دەژیین. پاشان ئەمانە تەیمور دەبەنە لای خۆیان و جلە کوردییەکانی لەبەر دادەکەنن و دشداشەیەکی عەرەبیی لەبەر دەکەن. خێزانە بەدوەکە هەواڵ و دەنگوباسی تەیمور لە دەوارەکانی دراوسێیان دەشارنەوە. پاشان تەیمور بۆی دەردەکەوێت، کە ئەم بەدوانە گوێیان لە دەنگی تەقەکان بووە و ئاگادار بوون کە شێتک لە ئارادا هەیە. تەیمور بۆ ماوەی "3" رۆژ لە دەوارەکەدا حەشار دەدرێت و رۆژی چوارهەمیین بە دزییەوە دەیبەنە ماڵی خزمێکیان لە شاری "سەماوە". لە راپەرینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی 1991 دا تەیمور دەگەرێتەوە باوەشی

خاکی نیشتیمان و  پاش ماوەیەکیش ڕەوانەی وڵاتی ئەمەریکا دەکرێت و ئێستا لە ئەمەریکا وەک گەشمردەکەیەکی زیندوو  دەژیی.
هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی گەشمردەکانی ئەنفال و تێکڕای گەشمردەکانی ڕێگای ڕزگاریی خاکی کوردستان. بە ئومێدی ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لەژێر سایەی ڕژێمکی دیموکراتیی و پڕ یاسا و ماف دا، تاوانبارانی ئەنفال ڕابکێشرێنە بەردەم قەفەزی دادگا و بە سزای خۆیان بگەن.
کە ئیمڕۆ هەزاران خەڵکانی وەک ئەو جاشانەی گوندی کوڵەجۆیان ئەنفال کردووە لە ژیاندان و لە کوردستانیشدا زۆرینەیان بەدەست دەکەون.

سەرچاوە: ئەرشیفی کوردستانی نوێ ساڵی 1992

www.kurdistannet.org